## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٦٥) لە ٢٠٢٤/٩/٢٥

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و دوابەدوای هەردوو بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٧٠) لە ٢٠٢٢/٩/٧ و ژمارە (١٧٨) لە ٢٠٢٢/١٠/٢٦، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤٠) لە ٢٠٢٤/٩/٢٥، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری و ئەنجومەنی گشتیی ڕاژە بۆ داواکردن لە حکومەتی فیدراڵی بۆ هێنانەکایەی پلەی وەزیفی و دابینکردنی تەرخانکراوی دارایی بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢٥ لە چوارچێوەی (خشتەی هێزی کاری هەرێم) لە یاسای بودجەی گشتیی عێراقی فیدراڵ ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ بۆ ئەو کەسانەی کە بە گوێرەی ئەم یاسایانەی خوارەوە مافی دامەزراندیان هەیە لەسەر میلاکی گشتیی هەمیشەیی هەرێمی کوردستان وەک هاوتاکانیان لە ناوچەکانی دیکەی عێراق کە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (٢٢٤ و ٢٦٩ فیدراڵی/ ٢٠٢٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/٢١ بڕیاری داوە بە مامەڵەکردنی سەرجەم مووچەخۆران لە هەرێمی کوردستان بە هەمان مامەڵەی هاوتاکانیان لە دامودەزگاکانی سەر بە حکومەتی فیدراڵی:

أ) یاسای بەکارخستنی دەرچووە یەکەمەکان ژمارە (٦٧)ی ساڵی ٢٠١٧ کە بە نووسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٨٦١٦) لە ٢٠٢٤/٩/٢٣ ناوی ئەوانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە ئامادەکراون و تۆماری بایۆمەتریشیان ئەنجام داوە.

ب) یاسای بەکارخستنی هەڵگرانی بڕوانامە باڵاکان ژمارە (٥٩)ی ساڵی ٢٠١٧.

ج) یاسای خاوەن پیشە پزیشکی و تەندروستییەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٠.

٢. ڕاسپاردنی وەزارەتەکانی (خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، تەندروستی) بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری و ئەنجومەنی گشتیی ڕاژە بۆ ئامادەکردنی زانیاری و داتای پێویست بۆ مەبەستەکانی ئەم بڕیارە و دەستنیشانکردنی پلەی وەزیفی و تەرخانکراوی دارایی پێویست و ڕەوانەکردنی بۆ حکومەتی فیدراڵی.

٣. وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**